به بۆنەی بیست و سێیەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری ڕامان.. گۆڤاری تاقانەی ئەدەبیی ڕەسەنی کوردستانە

**عەبدوڵلا سەڕاج**
**(فینلاند)**

پێشەکی دەستخۆشی لە سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان دۆستی هێژام ئازاد عەبدولواحید دەکەم بە بۆنەی بیست و سێ ساڵەی لە دایک بوونی گۆڤاری دانسقەی ڕامان، هیوادارم خۆی تەمەن درێژ بێت و گۆڤارەکەی بگاتە هەموو لایەک، زۆر پێخۆشحاڵم کە ئەم گۆڤارە بە ڕێکوپێکی مانگانە لەسەرەتای هەموو مانگێک، لە هەفتەی یەکەمدا، کورد گوتەنی بە نرخی تۆڵەکە دەکەوێتە دەست خوێنەرانی.

لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا جیابوون و تایبەتمەندی گۆڤاری ڕامان لە گۆڤارەکانی دیکە باس دەکەم، لەناو دوو کەوانەشدا دەڵێم (بێ شارچێتی ئەو کارانەی کردووە).

* خاڵی یەکەم کە باسی لێوە بکەم ئەو وتووێژە بە نرخانەن کە بە تێروتەسەلی لەگەڵ ڕۆشنبیر، شێوەکار، گۆرانیبێژ، موزیکژەن، شاعیر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان...تاد کردوویەتی کە بە پرسیاری ئاراستە و هەڵبژاردە دەیکات، هەڵبەتە ئەمە لە دوارۆژدا دەبێتە گەنجینەیەک بۆ توێژەرانی ئەدەب و هونەری کوردی. سەرنووسەر بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو لەگەڵ هەر دیمانەیەکدا چەندان وێنەی فۆتۆگرافی قۆناغەکانی ژیانی ئەو کەسەی بڵاوکردووەتەوە، سەرباری ئەوەش ساڵانە (لە چەند ساڵێکدا) ئەو چاوپێکەوتنانەی لە بەرگێکدا چاپ و بڵاو کردووەتەوە. من ئێرە بە دەرفەتێک دەزانم لە بارەی زاراوەی چاوپێکەوتن، دیمانە، دیدار و ئەو زاراوانە بڵێم کەوا پڕ بە پێستی ئەو کارە نین، چونکە دەتوانین دیدەنی لەگەڵ کەسێک بکەین بەبێ ئەوەی قسە بکەین، یان گفتوگۆیەک، متەقێک لەنێوانماندا بکرێ، بەلای منەوە هەندێ زاراوە دەخەمە بەرچاو ئەوانەش (وتووێژ- گوتوبێژ- گفتوگۆ)ن کە بەلامەوە ئەمانە پەسەندن، من بەشێوەیەکی گشتی باسی دەکەم، ئەگینا لە گۆڤاری ڕامان دا هەڤپەیڤین بەکار دەهێنرێ کە لە کرمانجی ژووروودا باوە و ڕێک بە واتای (دیالۆگ - حوار) دێت.

* خاڵی دووەم کە دەمەوێ لەسەری بوەستم نەبوونی هەڵەیە لەم گۆڤارە بە پێزەدا مەگەر بە دەگمەن، ئەوەش دەکەوێتە سەر حیرس و سووربوونی سەرنووسەر و پێداگیری خۆی و هەڵەچنەکان، ئەمەش کارێکی دەگمەنە و لە گۆڤاری دیکەدا ئەمە ڕوو نادا.. هەر بۆ خەندەی لێو دەیگێڕمەوە دۆستێک لێی پرسیم ئەرێ لە تاراوگەمانەوەکەت درێژەت کێشاو نەگەڕایتەوە؟ منیش بە پێکەنینەوە وتم کاکە من لە دەست هەڵەی چاپ ڕام

کردووە، چونکە لە یازدە ڕۆمانی چاپکراومدا، تەنیا لەو یازدە ڕۆمانەمدا دەتوانم هەزار هەڵەی چاپ دیاری بکەم.

* خاڵی سێیەم کە دەمەوێ لەسەری بوەستم ئەوەیە ئەم گۆڤارە گرنگی بە مۆتیڤ و وێنەی دەستکردی نووسەرەکان داوە، بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا هونەرمەندی نوێکار (قەرەنی جەمیل) سەرپەرشتی ئەو کارە دەکا و دەیان پۆرتریتی ناودارانی کورد و هونەرمەندان و چیرۆکنووسان و شاعیرانی کوردی کێشاوە، خۆزگە ئەوانە لە بەرگێکدا بڵاودەکرانەوە.

* چوارەم خاڵ کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، ئەوەیە ئەو گۆڤارە گرنگی بە ئەدەبی کوردی بەشەکانی کوردستان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵات داوە، ئێمە لەم دەلاقەیەوە، لە ڕێگەی گۆڤاری (ڕامان)ەوە توانیمان ئاشنای ئەدەبی نوێی ڕۆژهەڵات ببین، ئەمەش کارێکی دەگمەن و دانسقەیە.

* خاڵی پێنجەم ئەوەیە گۆڤاری ڕامان بایەخی بە زۆر بابەتی گرنگ داوە، لەوانە فەلسەفە و هزر و شێوەکاری و فۆتۆگراف و شانۆ و هونەری مۆسیقا و گۆرانی و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و زمانزانی و ڕۆژنامەگەری و ...تاد. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە نووسینە بە پێزەکانی دوکتۆر (حەمید عەزیز) بکەم کە بە لامەوە زۆر گرنگن، هەروەها نووسینەکانی هونەرمەندان باکووری و وریا ئەحمەد، ئەمیش وەک بزانم بە هاندانی کاک ئازاد بووە، چونکە پێشتر تەوەری لەسەر تایبەتمەندییەکانی مۆسیقا و مەقامی ناوچەی کۆیە لە گۆڤارەکەدا کردووەتەوە، کە لە دیوەخانی ئەختەری شاعیردا دەستی پێکردووە، هونەرمەند وریا ئەحمەدیش لەو بارەیەوە کەوتە نووسین و بە هەموویان خزمەتی هونەری ناوچەکەیان کرد.

* خاڵی شەشەم کە دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە ئەم گۆڤارە زۆر گرنگی بە بەرگەکەی دراوە، بە تایبەتیش بەرگی ناوەوە، کەوا بەردەوام وێنەی دانسقە و ناوازە و کەڤاڵی هونەرمەندانی کوردی تێدا بڵاو کردۆتەوە، ئەمەش بۆ خۆی خزمەتێکە بە ئەدەب و هونەری کوردی. خاڵی تر کە باسی بکەم، ئەوەیە کە ئەم گۆڤارە لەپاڵ دەرکردنی ژمارەکانی بە ڕێکوپێکی، هەتا ئێستا وەکو ئاگادار بم هەژدە نامیلکە و کتێبی چاپ کردووە، لەوانەش ئاماژە بۆ (با لە هونەر بگەین)ی بەندە دەکەم کەوا زنجیرە وتارێک بوو (سی وتارێک بوون) کاتی خۆی لە هەفتەنامەی هاوکاری ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٤ بڵاوم کردنەوە، هەڵبەتە لێرەدا پێویستە دەستخۆشی لە کاک ئازاد عەبدولواحید بکەم کە بە نامیلکەکەمدا چووەتەوە و لە ڕووی ڕێنووس و کوردییەکەیەوە دەستکارییەکی زۆر چاک و جوانی کردووە کە مایەی شانازیمە. من دەزانم ئەو گۆڤارە لایەنی چاکە و جوانی تری زۆرە، بەڵام من ئەوەندەی بۆم کرا باسم کردن، هیوادارم کەسانی تر زیاتر لای لێ بکەنەوە. تەمەن درێژی بۆ دۆستی هێژام دەخوازم، هیوام ئەوەیە ئەم گۆڤارە بەردەوام بێت، گۆڤاری ڕامان، کە گۆڤاری تاقانەی ئەدەبیی ڕەسەنی کوردستانە، مایەی شانازییە بۆ شاری هەولێر کە گۆڤارەکە لەو شارەدا دەردەچێ، هەروەها دەستخۆشی لە هەموو لایەک دەکەم، بە تایبەتی دەستی هەموو نووسەرانی بەشداربوو دەگوشم، ڕێزم بۆ هەموو ئەو نووسەرانە دەنێرم کە ناویان لەم گۆڤارەدا هەبووە و هەیە.

لە کۆتاییدا سپاسی گۆڤاری ڕامانی خۆشەویست دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە بۆ ئەوەی لە یادی بیست و سێ ساڵەی لە دایک بوونی گۆڤاری دانسقەی ڕامان بیروڕای خۆم دەرببڕم

*** سەرنج:**

م. عەبدوڵڵا سەڕاج کە ناوێکی دیار و بەرچاوی دنیای ئەدەبیاتی کوردییە، ئێستا لە سوێد لە شاری یۆتۆبۆری لە خەڵوەتی پیران دەژی و دوا قۆناغی ژیانی بەسەر دەبات، هەرچەندە خۆی دەڵێ خزمەتێکی زۆر چاکی دەکەن و لە هیچی کەم نییە، بەڵام پێویست بوو نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم، کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئەدەبی و کولتوورییەکان بە بەردەوامی سەردانی بکەن و نازی بکێشن، ئەو پیاوە هەقی بەسەرمانەوە هەیە، ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی لە خزمەتکردنی ئەدەبیات و وشەی کوردیدا بەسەر بردووە، ئێستا چاوی نابینێ و بە نابینا دەژمێردرێ، ئەم نووسینەشی بە ڕێگەی تۆماری دەنگیی بۆ ناردووین، با تا لە ژیاندایە گوڵێک بە بەرۆکییەوە بکەین، دوایی چ سوودی هەیە گومەزی ئاڵتوونی بۆ بکەین.

**(سەرنووسەر)**